ترسناکترین درۆ ئەوەیە: کەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بکات جگە لە باوکی ڕاستەقینەی، یان بانگەشەی ئەوە بکات خەونێکی بینیووە لەکاتێکدا نەیبینی بێت، یان بەناوی پێغەمبەری خوداوە -صلی اللە علیە وسلم- شتێک بڵێت لەکاتێکدا ئەو نەیفەرموو

لە واسیلەی کوڕی ئەسقەعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «ترسناکترین درۆ ئەوەیە: کەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بکات جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی، یان بانگەشەی ئەوە بکات خەونێکی بینیووە لەکاتێکدا نەیبینی بێت، یان بەناوی پێغەمبەری خوداوە -صلی اللە علیە وسلم- شتێک بڵێت لەکاتێکدا ئەو نەیفەرموو».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لە ترسناکترین شێوازەکانی درۆکردن: کەسێک بانگەشەی بوونی باوکێکی تر بکات وخۆی بداتە پاڵی جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی، یان کەسێکی تر بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو کوڕی باوکێکی تر ە جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی لەکاتێکدا دەزانێت ئەو بانگەشەیە ڕاست نییە؛ وئەمیش لەسەر ئەو بانگەشەیە ڕازی بێت، ئەمە یەکێکە لە ترسناکترین جۆرەکانی درۆکردن، وهەروەها یەکێکی تر لە گەورەترین درۆکان ئەوەیە کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات لە خەوندا شتێکی بینیووە کەچی لەڕاستیدا هیچ شتێکی نەبینی بێت، وهەروەها لە ترسناکترین شێوازەکانی درۆکردن بریتیە لەوەی کەسێک قسەیەک یان کردەوەیەک یان ڕازی بوونێک لەسەر شتێک بەناوی پێغەمبەرەوە بڵێت -صلی اللە علیە وسلم- لەکاتێکدا ئەو نەیفەرموو وئەنجامی نەداوە وڕازی نەبووە لەسەر ئەو کردەوەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3633